# ژیاننامەی
# عەتیق
# ڕەحیمی



ئا: باران

ڕەحیمی لە دوای چوونی بۆ فەرەنسا دەستیکرد بە خوێندنی ئەدەبیاتی مۆدێرنی فەرەنسی لە زانکۆ، پاشان دکتۆرای لە بواری سینەما لە

نوسەر و دەرهێنەری سینەمایی عەتیقی ڕەحیمی لە 26 شوباتی 1962 لە شاری کابولی پایتەختی ئەفغانستان هاتۆتە دنیاوە.

ڕەحیمی لە ئامادەیی فەرەنسی کابول خوێندویەتی و زمانی فەرەنسی هەر لەو سەردەمانەدا فێربووە، پاشان لە کاتی شەڕە ناوخۆییەکانی ئەفغانستاندا لە ساڵی 1984 لە کاتێکدا کە تەمەنی 22 ساڵ بوو رایکرد بۆ پاکستان و لەدوای داواکردنی مافی پەنابەرێتی لە باڵوێزخانەی فەرەنسا چوو بۆ پاریس. لە ساڵی 1989 برا کۆمۆنیستەکەی لە ئەفغانستان کوژرا، بەڵام عەتیق دوای ساڵێك بە مردنی براکەی زانی. ئێستاش باوك و دایکی ڕەحیمی و یەکێك لە خوشکەکانی لە ئەمەریکاو خوشکێکی تری



لە کابول دەژین. ڕەحیمی لە ساڵی 2002 گەڕایەوە بۆ ئەفغانستان و لە وڵاتەکەی خۆی بە چالاکی هونەری وەك بەرهەمهێنانی فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنیەوە سەرقاڵ بوو.

هاوسەرگیری کردووەو کوڕێك و کچێکی هەیە.

ڕەحیمی لە دوای چوونی بۆ فەڕەنسا دەستیکرد بە خوێندنی ئەدەبیاتی مۆدێرنی فەرەنسی لە زانکۆ و پاشان دکتۆرای لە بواری سینەما لە سۆربۆن وەرگرت.

یەکەمین ڕۆمانی خۆی بە ناوی (خاك و خۆڵەمێش) لە ساڵی 1996 دا نوسی. ئەم ڕۆمانە لەلایەن ئازاد بەرزنجییەوە کراوە بە کوردی.

ڕەحیمی لە ساڵی 2004 لەسەر بنەمای هەمان ڕۆمانی کاری دەرهێنانی بۆیەکەمین فیلمی خۆی بە ناوی خاك و خۆڵەمێش ئەنجامدا.

پاشان هەر بەم فلیمە بەشداری لە فیستڤاڵی کانی سینەمایی 2004ی کرد و خەڵاتی پێبەخشرا.

جگە لەوە سێ ڕۆمانی یەکەمی خۆی بە زمانی فارسی و بەردی سەبوری بە زمانی فەڕەنسی نوسی.

ڕەحیمی لە 10ی نۆڤەمبەری 2008دا بە ڕۆمانی بەردی سەبوری خەڵاتی ئەدەبی گۆنکۆری پێبەخشرا.

ئەم خەڵاتە ساڵانە لەلایەن ئەکادیمیای گۆنکۆری فەڕنساوە دەبەخشرێتە باشترین بەرهەمی ئەدەبی کە بە زمانی فەڕەنسی نوسرابێت.